Zanco Journal of Law and Politics
Vol(23), No(40), 2025
ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# دیاردەی (کۆچ) و گۆڕینی دیمۆگرافیا ومەترسیەکانی لەسەر ناسنامە لەهەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی 2014

## - توێژینەوەیەکی شیکاری- •

| |
|---|
| لاجان محمد همزة |
| بەشی سیستەمی سیاسی وزانستە سیاسییەکان، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق |
| ئیمێل: Lajan.hamza1@gmail.com |
| پ. د. کامران أحمد أمین |
| بەشی سیستەمی سیاسی وزانستە سیاسییەکان، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق |
| ئیمێل: Kamaran.amin1@su.edu.krd |

| | | |
|---|---|---|
| وشە کلیلییەکان: | Received: 25/05/2025 | ID No. 4260 |
| کۆچ ،دیمۆگرافیا، مەترسیەکان، ناسنامە، هەرێمی کوردستان | Accepted: 03/07/2025 | (PP 1 - 20) |
| | Published:16/11/2025 | https://doi.org/10.21271/zjlp.23.40.1 |

## پوختە

هەرێمی کوردستان نزیکەی دە ساڵێکە لە قۆناغێکی سەخت و ناجێگیری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی دایە، بۆیە کـۆچ بەتایبەتی کـۆچی گەنجـان دیـاردەیەکی زەق و هەسـتپێکراوە، چـونکە زۆریـنەی گەنجـان لە هەرێمـی کوردسـتان ڕەشـبینن بەرامبەر بەو دۆخەی هەرێمی کوردستان تێیکەوتووە، بۆیە زۆرینەیان ئومێدیان بەئایندەی خۆیان نەماوەو، ئەمەش وای لە زۆرینەی گەنجانی هەرێمی کوردستان کردووە کۆچ هەم بەڕێگایەکی ناچاری هەمیش بەڕێگایەکی چارەسـەری کێشـەکانیان ببینن، ئەم کۆچکردنەی توێژی گەنجانیش کۆمەڵێک لێکەوتەی ئەرێنی و نەرێنـی لەسـەر ئاسـتی کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و سیاسی لەسەر خودی خۆیان و خێزانەکانیان و هەروەها کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان دروست دەکات.

ئامانج لەم توێژینەوەیە دیاریکردنی ئەو ئالنگارییانەیە کە بـوونەتە تەنـگەژە لەبەردەم ئاسایشی کـۆمەڵگەیی لەهەرێمـی کوردستان وکاریگەریەکانیان دەبێتە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافیا لەوانە پرسی کۆچ.

## پێشەکی

هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی بەدرێژایی مێژوو دوچاری دیاردەی کـۆچ بـونەتەوە، جـێگەی سـەرنجە بەڕێژەیەکـی زۆر هۆکاری پشت کۆچی مرۆڤی کـورد زیـاتر لە ڕووە دەسـتکردەکەی کـۆچەوە بـووە، ئەویـش لەئەنجـامی جەنـگ و تـرس لە حکومەتە دیکتاتۆرە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لە ماوەی ڕابردودا، کە خۆی لە کۆچی بەکۆمەڵ و زۆرە ملێدا دەبینیەوە، بەجۆرێک لە جۆرەکان کۆچێکی ناچاری بـوە، ئەوەش لەپێنـاو پاراسـتنی ژیـان و سـەلامەتی خۆیـان، هەرێمـی کوردسـتان

• ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەڵهێنجراوە وەک بەشێک لە ماستەرنامەی قوتابی ( لاجان محمد همزة) بەناونیشانی (کاریگەری دیاردەی کۆچکردن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی لە هەرێمی کوردستان دوای ساڵی 2014 )، کەپێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زانسیە سیاسیەکانی زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر، دەکرێت.

لەماوەی دە ساڵەی ڕابردوودا چەندین شەپۆلی کۆچی بەخۆوە بینیوە، وەکو شەپۆلی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، هەروەها شەپۆلی سەرەتای ساڵانی(2000)، دواین شەپۆلی کۆچکردنیش لە هەرێمی کوردستان لە سەرەتای ساڵی(2014)ە، دەستی پێکرد کە تا ئێستاش بەردەوامە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لەم شەپۆلی کۆچکردنە، کۆچی توێژی گەنجانە بەخوێندەوار و نەخوێندەوار، بە خاوەن کار و بێکار، بە فەرمانبەرانی کەرتی گشتی و تایبەت، ئەمەش کاریگەری دروست دەکات لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی. لەئێستاشدا ئەم دیاردەیە نەک کەمی نەکردوە، بەڵکو بەردەوام لەزیادبوندایە. ڕۆژانە بە پاڵنەرو هۆکاریی جیاواز، بەهۆی خراپی ژیان و گوزەرانیان لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی وسیاسی. سەدان گەنج و منداڵ و ژن و پیاوی بەتەمەن ڕێگەی ناچاریی کۆچ هەڵدەبژێرن و خۆیان دەدەنە دەست قەدەرێک کە پڕە لە نەهامەتی و ڕەنج کێشان، تا دەگەنە شوێنی مەبەست،چیرۆکی کۆچ هەزاران پرس و ڕەنجکێشان بۆ خۆی دروست دەکات بەدرێژای ژیان کەس و کەسانی کۆچ کردو بەدوای وەڵام و سارێژکردنیدابن. ئەوە جگە لەدەستچونی ئەو هەمو سامانە مرۆیی و دەستی کارو توانا فیزیکییەی کەئەو کۆچبەرانە لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن، کەسەرئەنجامەکەی بەزیان بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان و سودی وڵاتانی دیکە دەشکێتەوە.

1. ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

لەم خاڵەدا باس لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەیە کە پێک دێت لە کێشە وگرنگی وئامانج وگریمانەی توێژینەوەکە.

1.1. گرفتی توێژینەوەکە

بە شێوەیەکی سەرەکی گرفتی توێژینەوەکە ئەم پرسیارانە لە خۆ دەگرێت

-هۆکارەکانی کۆچی گەنجان بۆ هەندەران چین؟

-ئەو لێکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابوریە ئەرێنی و نەرێنیەکان کە لە سەر خودی کۆچبەرەکە چین؟

- ئەو لێکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە ئەرێنی و نەرێنیەکانی سەر خێزان کە لە ئەنجامی کۆچی ڕۆڵەکانیان بۆ هەندەران چین؟

- زانینی لێکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسییە ئەرێنی و نەرێنیەکان کە لە دەرئەنجامی کۆچی گەنجان بۆ هەندەران لەسەر کۆمەڵگا و ئاسایشی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان و گۆڕینی دیمۆگرافیاو مەترسیەکانی سەر ناسنامە چین؟

2.1.گرنگی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەك، دەکرێت بایەخ و گرنگی خۆی هەبێت، بە تایبەت لە سنووری بابەتەکەی خۆیدا، بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە دیاردەی (کۆچ) و گۆڕینی دیمۆگرافیاو مەترسیەکانی لەسەر ناسنامە لەهەرێمی کوردستان ، کە بابەتێکی سەردەمی و گرنگە، گرنگی ئەم تویژینەوە لە بواری کۆچکردن و کۆچکردنی گەنجان، لە ڕۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆ، گرنگە. بایەخێکی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی کۆچکردن بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و خەریکە سەرلەبەری دابەشبوونی دانیشتوان لەسەر زەوی ڕێک دەخاتەوە، کاریگەری مەترسیدار لەسەر زمان و کلتور و شارستانیەتەکان دروست دەکات و دیمۆگرافیای زۆر ناوچە دەگۆڕێت، دیارە کۆمەلگەی کوردیش، بە سەختی بەدەست ئەم دیاردەیەوە دەناڵێنێت. لە لایەک گرنگی خۆی هەیە و دەبیتە هۆی تێکەلاو بوونی کلتورە جیاوازەکان، لە لایەکی تر مەترسی گۆڕانی دیمۆگرافیای کوردستانی لێدەکەوێتەوە.

3.1.ئامانجی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە چەندین ئامانجی هەیە کە دەیەوێ لە ڕێگەیەوە پێیان بگات:

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- زانینی هۆکارەکانی کۆچی گەنجان بۆ هەندەران.

٢- زانینی لێکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابوریە ئەرێنی و نەرێنیەکان کە لە سەر خودی کۆچبەرەکە دەردەکەون.

٣- زانینی لێکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە ئەرێنی و نەرێنیەکانی سەر گۆڕینی دیمۆگرافیا لە هەرێمی کوردستان چین.

٤-زانینی کاریگەریەکانی دیاردەی کۆچکردن لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان و مەترسیەکانی سەر ناسنامە چین؟

**4.1.گریمانەی توێژینەوە:**

هەمیشە لە توێژینەوە زانستیەکاندا توێژەر گریمانە دادەڕێژێ ولەڕێگەی توێژینەوەکەوە یا ئەو گریمانانە دەچەسپێنێ یان ڕەتیان دەکاتەوە.

گریمانەی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیە

١-هۆکاری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، نییە بۆ کۆچی گەنجان بۆ وڵاتانی هەندەران.

٢- لێکەوتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی (ئەرێنی و نەرێنی) نییە لەسەر خۆدی کۆچبەرەکان بەهۆی کۆچی گەنجان بۆ وڵاتانی هەندەران.

٣- پەیوەندی نییە لە نێوان کۆچکردنی گەنجان و گۆڕینی دیمۆگرافیا لە هەرێمی کوردستان.

٤- کاریگەرییەکی ڕاستە وخۆ یان نا ڕاستەوخۆی نییە کۆچی گەنجان بۆ وڵاتانی هەندەران لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەرێمی کوردستان

**5.1.سنووری توێژینەوە**

**١-سنووری بابەتی:**

توێژینەوەکە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسییەوە لە دیاردەی کۆچ دەکۆڵێتەوە و تیشک دەخاتە سەر هۆکارەکانی و کاریگەریە ڕەگەزییەکانی و گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان و کاریگەرییەکانی کۆچکردن لەسەر ناسنامە و ئاسایشی کۆمەڵگا.

**٢-سنووری جوگرافی**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر هەرێمی کوردستان وەک بەستێنی جوگرافی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو دیاردەیەی کە لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە .ئەم تایبەتمەندییە گرنگە چونکە ناوچەکە نوێنەرایەتی مۆدێلێکی واقیعی دەکات کە لە ساڵانی ڕابردوودا زیادبوونی بەرچاوی ڕێژەی کۆچبەری بەخۆیەوە بینیوە.

**٣-سنووری کات:**

توێژینەوەکە ماوەی ساڵی ٢٠١٤ تا ٢٠٢٤ دەگرێتەوە، کە قۆناغێکی سەرەکییە لە پەرەسەندنی شەپۆلەکانی کۆچکردن و خراپتربوونی کاریگەرییەکانیان.

**6.1.میتۆدی توێژینەوە**

بۆ تێگەیشتن بە سروشتی پەیوەندی نێوان کۆچ و گۆڕینی دیمۆگرافی .هەروەها، بەمەبستی ڕوونکردنەوەی ئەو مەترسیانەی کە ئەگەری دروستبوونییان هەیە بۆ سەر شوناسی ڕۆشنبیری و ناسنامەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان، وە سوودمان لە تیۆری بە ئاسایشکردن وەرگرتووە (لەڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن) . چەند چاوپێکەوتنیکیش بۆ دەسکەوتنی زانیاریی لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ و پەیوەندیدار بە بابەتەکە ئەنجام دراون.

**پلانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە وەک توێژینەوەیەکی تیۆری، وەسفی و شیکاری، پشتی بە پلانی شیکاری دەدات کە بابەتی دیاردە بە سێ میحوەرە سەرەکی دابەش دەکات .ئەم ڕێبازە یارمەتی دابین دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان کۆچی گەنجان و گۆڕانی دیمۆگرافی، و مەترسیەکانی سەر ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان .ئەم پلانا دامەزرابووە بەسەر بنەمای سەرچاوە تیۆرییەکان و توێژینەوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان

میحوەری یەکەم، پێداچوونەوەیەکی مێژوویی دەکات بەسەر دیاردەی کۆچی گەنجانی کورد، بە تایبەتی دوای ساڵی ٢٠١٤ کە وەک قۆناغێکی گۆڕانکاری بەرز تێپەڕدراوە .لەو ماوەیەدا هەرێم شایەتی زیادبوونی ڕێژەی کۆچکردنی گەنجان بوو بەهۆی ئەوەی:

١- قەیرانی سیاسی

٢-فراوانبوونی فەرمیاندنەکانی خوێندنی باڵا بەبێ بازارێکی کار

**٣-بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاری**

ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی کۆچ و ئاوارەیی (2023)پشتڕاست دەکەنەوە کە 70%ی کۆچبەران نێرن و زۆرینەیان گەنجن، هاوشێوەی ئەوەیە کە باس دەکەن کە دۆخە سیاسی و ئابووری قورسەکان جێگری گرنگن لە هۆکارە سەرەکییەکانی کۆچی بەکۆمەڵەوە.

میحوەری دووەم، قۆناغەکانی ڕێکخستنی کۆچی نایاسایی دەکاتە سەر نوێنەر، بە گرنگیدانی سیاسەتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان .ئەم بەشە باس دەکات لە دەنگدانەوەی یاسایی و نەیاساییەکان بۆ هەڵسوکەوتی کۆچی گەنجان، بە تایبەتی لە ناوچە سنوورییەکان کە ڕێژەی کۆنترۆڵی دیمۆگرافی تێیدا لاوازبووە.
میحوەری سێیەم، کاریگەریە درێژخایەنەکان دەبینێت کە بەهۆی زیادبوونی کۆچەوە دروست بوون، لە ڕێگەی دوو میحوەرە لاوەکییەوە:
کاریگەرییەکانی کۆچکردن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و یەکگرتووەکانی ناوخۆی هەرێم، بە پێی توێژینەوە ناوخۆییەکان ( کە دەڵێن کۆچ زیاتر مەترسییە بۆ کەمبوونەوەی متمانە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی. پەیوەندی نێوان کۆچ و قەیرانی گەنجان، پەیوەندی بە شەپۆلی نارەزایەتی، توندوتیژی سیاسی، و تەقینەوەی نارەزایەتی لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان،و ئەو شتانەیە کە ڕێکخراوی UNDP لە پەیوەندییە تایبەتییەکاندا باسی کردووە.

لە ڕووی پلانی شیکارییەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات تێگەیشتنێکی هاوبەش دابین بکات لە پەیوەندی نێوان کۆچ، گۆڕینی دیمۆگرافی، و مەترسییەکانی سەر ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان، بە پشتبەستن بە ڕێبازی تیۆرییەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری.

**2- کورتەیەکی مێژووی کۆچی کوردان بۆ هاندەران:**

دیاردەی کۆچکردن یەکێکە لە کۆنترین دیاریدە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی .لە ڕووی مێژووییەوە، بەشدار لە هۆکارە پێکهاتەییەکانی پەراوێزخستنی سیاسی، جوگرافی و ئابووری .بەڵام توێژینەوە زانستییەکانی ئەم دواییە، بە شێوەیەکی قووڵ و سیستماتیکی ڕوونی دەکەنەوە، بە تایبەتی لە پەیوەندیدا بە گۆڕانی دیمۆگرافی و گۆڕینی ناسنامە 1لە دوای لەشکرکێشی داعش بۆ ناوچەیەکانی عێراق لە ساڵی 2014و تەنگەژە سیاسییەکان، هەرێمی کوردستان شایەتی شەپۆلی بەرزبوونەوەی کۆچی گەنجان بوو، بە تایبەتی نێوان ساڵانی 2021–2024. ڕاپۆرتی وەزارەتی کۆچ وکۆچبەرانی هەرێمی کوردستان دەربارەی ئەم دیاردەیە دەڵێت 70%ی کۆچبەران نێرن لە تەمەنی 35–18ساڵین. 2
دوای ساڵی 2024، ئەم کۆچانە بە شێوەی "گۆڕانێکی دیمۆگرافی پەستاندار "دەبێنرێن کە جیاوازە لە ناسەقامگیری سیاسی، نائومیدی بە دامەزراوە و نەبوونی هەلی کار .لەو چوارچێوەیە، کۆچ بە شێوەی "ڕزگاری تاک "دەردەبڕێت3. (کاستلز و میلەر)دڵنیابوون کە ئەم جورە کۆچانە لە وڵاتانی ناسەقامگیر دەردەکەون بە شێوەیەکی تێکچوو ونەتەنها لە لایەنی ئابووری بەڵکو لەهەموو بوارەکانی ژیان.[4]

-1محەمەدی، ئارام ئەحمەد .2020. "دیاردەی کۆچی نایاسایی لە کوردستان ".گۆڤاری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، ژمارە 7، پەڕە 80–75.

- 2 وزارة الهجرة والمهجرين .2023. تقرير سنوي عن أوضاع اللاجئين والمهاجرين في إقليم كوردستان .أربيل :وزارة الهجرة، ص14 ..

- 3 حەسەن، شەهید عومەر .2022. "ئاستی گۆڕانکاری دیمۆگرافی لە هەرێمی کوردستان ".گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە 18، پەڕە 29–25.

4 -Castles, S. and Miller, M.J. (2020). The Age of Migration: International Population Movements in the Modern World. 6th ed. London: Macmillan, pp. 91–92.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسەی "کۆچبەر "دەکات بە کەسێک کە بەبێ هاووڵاتی بوونی لە وڵاتێکی نوێ، بۆ ماوەی 12مانگ نیشـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــتەجێ دەبێـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــت.

[1] دوای ســاڵی 2014، زۆربەی ئەم کۆچــانە لە دەرەوەی چوارچێــوەی یاســایی ڕوودەدەن .ڕاپــۆرتی دامەزراوەی هــوکەر Hooker Foundationپشتڕاستی ئەوە دەکات کە 60%ی کۆچبەران ڕێگای یاسایی بەکارناهێن[2].

ئەنجامی توێژینەوەکان دیسەلمێنن کـەوا دیـاردەی (کـۆچ) مەترسـێکی جـدیە لەسـەر گـۆڕێنی دیمۆگرافیـا وڵاتـان، لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی وابەستەیی، و مەترسیەکی جددی لەسەر ناسنامە و ڕەهەندە فەرهەنگییەکان درووست دەکەن، بە

تایبەتی لە ناوچە سنووریەکان3.

ئەنجامی توێژینەوەکان دەیسـەلمێنن کـەوا دیـاردەی کـۆچ مەترسـێکی جـدیە لەسـەر گـۆڕێنی دیمۆگرافیـا وڵاتـان، لەگەڵ زیادبوونی ڕێـژەی وابەسـتەیی، و مەترسـیەکی جـددی لەسـەر ناسـنامە و ڕەهەنـدە فەرهەنگییەکـان دروسـت دەکەن، بە تایبەتی لە ناوچە سنووریەکان کەدەبێتە هۆی کەمبوونی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی وناهاوسەنگی دیمۆگرافی4. هەروەها ڕاپۆرتی دامەزراوەی Hooker Foundation هاوڕای ئەوەیە کە ئەم دیاردەیە ڕووداوێکی خەراپە بۆ ڕەهەنـدە فەرهەنگیـە نەتەوەییەکان.[5] کاریگەری کۆچی گەنجان لەسەر دیمۆگرافی و ناسنامەی کولتووری لە هەرێمی کوردسـتان کـۆچی گەنجـان یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییە دیارەکان کە کاریگەری قـووڵی لەسـەر پێکهـاتەی دیمـۆگرافی و شوناسـی کولتـووری هەیە، بەتـایبەتی لەو کۆمەڵگایـانەی کە هەسـتیارن وتـێکەڵاوی دیمـۆگرافی و کولتوورییـان هەیە وەک هەرێمـی کوردسـتان . توێژینەوەکانی ئەم دواییە چەندین ئەنجامی نەرێنی دووبارەبوونەوەی ئەم دیاردەیەیان دەرخستووە، کە دەتوانرێـت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

یەکەم :ناهاوسەنگی دیمۆگرافی کۆچی گەنجان دەبێتە هۆی ناهاوسەنگییەکی ڕوونی دیمـۆگرافی بەهـۆی دابەزینـی چینـی بەرهەمدار و زیادبوونی ڕێژەی تەمەنداران کە ناتوانن کار بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی خێرابـوونی پیربـوونی دانیشـتووان . ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان ، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو وڵاتانەی کە کۆچی چڕ و پڕی گەنجانیان بەسەردا هـاتووە، ڕووبەڕووی ئاستەنگی ئابووری بەرچاو دەبنەوە، دیارترینیان بچووکبوونەوەی هێزی کار و ڕێژەیەکـی بەرزی وابەسـتەیی بە حکـومەت[6].هەروەهـا ڕاپـۆرتی ڕێکخـراوی نێـودەوڵەتی بـۆ کـۆچکردن ، ئامـاژەی بەوە کـردووە کە زیـادبوونی ڕێــژەی

1 -United Nations. (2021). Glossary on Migration. 3rd ed. International Migration Law Series No. 34. Geneva: United Nations, p. 3.

2 -Hooker Foundation. (2023). Irregular Migration and Legal Gaps in the Kurdistan Region of Iraq: Field Report. Erbil: Hooker Foundation Press, pp. 12, 18.

3 - UNDP (United Nations Development Programme). (2021). Youth Migration in the Kurdistan Region of Iraq. Baghdad: UNDP Iraq, p. 14.

4حەسەن، شەهید عومەر .2022. "ئاستی گۆڕانکاری دیمۆگرافی لە هەرێمی کوردستان ".گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە 18، پەڕە 29–25.

5 - Hooker Foundation. (2023). Irregular Migration and Legal Gaps in the Kurdistan Region of Iraq: Field Report. Erbil: Hooker Foundation Press, p.18.

6 -UNDP (United Nations Development Programme). (2023). Youth Migration in the Kurdistan Region of Iraq. Baghdad: UNDP Iraq, p.12.

وابەستەکراوەکان فشار دەخاتە سەر خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە سەرەتاییەکان و هەڕەشە لە سەقامگیری دارایی درێژخایەن دەکات. 1

دووەم :گۆڕینی شوناسی کولتووری و زمانەوانی گەنجان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە گواستنەوەی بەها کولتووری و زمانەوانییەکان .کاتێک ئەم نەوەیە لە زێدی خۆیان کۆچ دەکەن، وردە وردە ئەم بەهایانە لەدەست دەچن .ڕاپۆرتێکی دامەزراوەی( هوکەر) ئاماژە بەوە دەکات کە بەردەوامی کۆچکردن لە ناوچە سنوورییەکان لە کوردستان دەبێتە هۆی گۆڕینی هێما و داب و نەریتی کولتووری کورد، بەتایبەتی لەو ناوچانەی تێکەڵ بە نەتەوەکانی دیکەن[2] . هەندێ لایەنی تر جەخت لەوە دەکەنەوە کە کۆچی دیمۆگرافی لە گوندەکان و ناوچە دوورەکان هەڕەشەی لاوازکردنی بناغەکانی ناسنامەی کولتووری و دروستکردنی هۆشیاریی و ناسنامەیەکی سەرلێشێواوە3 .

سێیەم :کەمبوونەوەی سەرمایەی مرۆیی. کۆچی گەنجان دەبێتە هۆی لەدەستدانی توانای مرۆیی خوێندەوار و شایستە، توانای کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوام لاواز دەکات .ئەم دیاردەیە کاریگەری نەرێنی لەسەر دابەشبوونی دانیشتووان هەیە، چونکە چڕی دانیشتووان لە ناوەندەکانی شاردا زیاد دەکات لە کاتێکدا ناوچە گوندنشینەکان پشتگوێ دەخرێن .ئەمەش بەشدارە لە فراوانکردنی کەلێنی نێوان هەرێمەکان و پەراوێزخستنی گوندە دوورەدەستەکان و چەسپاندنی ناوەندگەرایی ئیداری و ئابووری. واتە بەردەوامی کۆچی گەنجان لە هەرێمی کوردستانەوە لە دوای ساڵی ٢٠١٤، ئیتر تەنیا نیشاندەرێکی ئابووری یان سیاسی نییە؛ گۆڕاوە بۆ قەیرانێکی دیمۆگرافی و ناسنامە کە لە درێژخایەندا هەڕەشە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتووری دەکات .ئەدەبیاتی ئەم دواییە ئاماژە بە پێویستی گرتنەبەری سیاسەتی هەمەلایەنە دەکات کە گرنگی بە بەهێزکردنی گەنجان بدات لە ڕووی ئابوورییەوە و بەهێزکردنی پەیوەندی کولتووری خۆیان بە شوێنەکەیانەوە، بۆ دەستەبەرکردنی هاوسەنگییەکی دیمۆگرافی جێگیر و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی.[4]

ئەنجامدانی هۆکاری پشت کۆچکردن زۆرن، بەڵام بەگشتی دەتوانرێت لەدوو فۆرمدا کۆ بکرێنەوە ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: هۆکارەکانی پاڵنان یاخود راونان

ئەم هۆکارانە زیاتر بریتین لەهۆکارە ناوخۆیی و ناوەکییەکان، ئەمانەش سەرجەم ئەو هۆکارانە دەگرێتەوە، کە لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵات یاخود هەرێمێک، پاڵ و فشار بەتاک و گروپەکانەوە دەنێن، بۆ کۆچکردن و جێهێشتنی زێدو شوێنی نیشتەجێبونی خۆیان بۆ روکردنە وڵات و شوێنیکی دیکە5.

دووەم: هۆکارەکانی راکێشان

ئەم هۆکارانەش زیاتر بریتین لە هۆکارە دەرەکییەکان، کەبەهۆیانەوە تاکەکان کاریگەر دەبن بەکۆمەڵێک پاڵنەری راکێشەرو هۆکاری دەرەکی، لەدەرەوەی سنورو شوێنی نیشتەجێبونی خۆیان، بەو هۆیانەوە تاک لەوڵات و زێدی خۆیەوە

---

1- IOM (International Organization for Migration). (2023). Displacement Tracking Matrix Report. Geneva: IOM Publications, p. 6.

2- Hooker Foundation. (2023). Irregular Migration and Legal Gaps in the Kurdistan Region of Iraq: Field Report. Erbil: Hooker Foundation Press, p 18.

3- - حەسەن، شەهید عومەر .2022. "ئاستی گۆڕانکاری دیمۆگرافی لە هەرێمی کوردستان ".گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە 18، پەڕە 29–25.

4-محەمەدی، ئارام ئەحمەد .2020. "دیاردەی کۆچی نایاسایی لە کوردستان ".گۆڤاری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، ژمارە 7، پەڕە 80–75.

5 - دراسة المكتب المركزي للاحصاء ، وزارة الشؤون الاجتماعية والعمل السورية ،عن اثار الهجرة الخارجية على الاسرة التي هاجر احد افرادها في الجمهورية العربية السورية،١٩٩٦م.

رادەکێشرێت بۆوڵات و ناوچەیەکی دیکەی جوگرافی، بەئومێدی دەستکەوتنی ژیانێکی باشتر، کۆچ دەکات بۆ دەرەوەی سنوری نیشتیمانەکەی 1.

### 1.2. گەنج و دیاردەی کۆچکردن لەهەرێم

بە درێژایی مێژوو گەنجان توخمێکی گرنگ بوون لە پرۆسەکانی بنیاتنانی نەتەوەدا مەحاڵە باس لە سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی بەهێز بکرێت بەبێ کەڵک وەرگرتن لە وزەکانی گەنجان. سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەکی نیشتمانی پەیوەستە بە ڕادەی بەشداریی گەنجانەوە، نەک وەک وەرگری پاسیڤ، بەڵکو وەک ئەکتەرێکی ڕاستەقینە .لەم ڕوانگەیەوە گەنجان دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕن لە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگاکان دوای ململانێکان و لە پرۆسەکانی بنیاتنانی دەوڵەت و بەشداریکردن لە پرۆسەکانی گەشەپێدان و سەقامگیری2.جا ئەگەر بڕیار بێت کار فاکتەرێکی ناوەندی بێت لە دابینکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی وکەسی و کارکردنیش بۆ زۆرێک لە تاکەکان هەستکردن بیت بە ناسنامە، داهات، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و دەرەچەیەکی کۆمەڵایەتی کەواتە دانیشتوانی گەنج دەکرێت لە بری هەڕەشە ببێت بە نیعمەتێک بۆ وڵاتێک بەوەی کە کرێکاری وزەبەخش دابین دەکات بۆ زیاتری بەرهەمهێنان و گەشەکردن کە بە (پاداشتی دیمۆگرافی ناسراوە).3 بەگریمانەیەک کە کار هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گەیشتن بە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی، دوورخستنەوەی گەنجان لە بازاڕی کار دەبێتە هۆی لەدەستدانی ناسنامە و کەرامەت و داهات و سەربەخۆیی کۆمەڵایەتی .بۆیە گەنج دەتوانێت یان ببێتە هێزێکی بەرهەمدار کە بەشدارە لە گەشەپێدان، یان ئەگەر پەراوێز بخرێت، قەیرانێکی دیمۆگرافی - دۆخێک کە بە "بۆنوسی دیمۆگرافی "ناسراوە. لەو چوارچێوەیەدا عەبدولڕەزاق محەمەد ئاماژە بەوە دەکات کە مەترسی ڕاستەقینە لە زۆربوونی گەنجاندا نییە، بەڵکو لە غیابی گەنجاندایە، بە ئاماژەدان بە ئەزموونی ژاپۆن کە بەدەست پیربوون و کەمیی هێزی کارەوە دەناڵێنێت .گەنجان نوێنەرایەتی وزە و هێزی بەرهەمهێنەری هەر وڵاتێک دەکەن .[4]بەهەمان شێوە هاوار عەزیز جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەرەپێدانی تواناکانی گەنجان و ڕەخساندنی هەلی کاری ڕاستەقینە بۆیان دەبێت بە پایەی گەشەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان هەژمار بکرێت.[5] کۆمەڵگایەک کە گەنجان زۆرترین ڕێژەی دانیشتووان پێکدەهێنن، خاوەنی ئەو سەرمایە مرۆییەیە کە دەتوانرێت دەوڵەتێکی بەهێزی لەسەر بنیات بنرێت .بەداخەوە ئەوەی لەڕێگەی کۆبوونەوە و خوێندنەوە تێبینیمان کردووە ئەوەیە کە داواکاری گەنجان سادە و بنەڕەتین و مافی مرۆڤن، وەک دەستڕاگەیشتن بە کارێکی شایستە و ژیانێکی شایستە و خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردەی گونجاو .تەنانەت ئەو ناڕەزایەتییانەی گەنجان کە لەم ساڵانەی دواییدا سەریان هەڵداوە، ئەوەندە بەرهەمی ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی نین، ئەوەندەی دەربڕینی لەدەستدانی هیوایە بۆ داهاتوو [6].

بۆیە ڕوانگەیەکی تەنها لەسەر بنەمای ئەمنی یان سیاسی بۆ داواکاری گەنجان نابێتە هۆی چارەسەر .بەڵکو دەبێت دەرفەتی ڕاستەقینەی دامەزراندنیان پێبدرێت و بەها و مافەکانیان بناسرێت و ژینگەیەک دابین بکرێت کە هەست بە سەلامەتی و سەربەخۆیی بکەن، ڕێگرییان لێبکرێت بەرەو توندڕەوی یان کۆچکردن .گەنجان، بە سروشت، ئارەزووی توندوتیژی یان

---

1 -اکرم محمد اسود ، الهجرة الدولية في اقليم كردستان ، دراسة اقتصادية تحلية عبر نقطة ابراهيم الخليل الحدودية ، رسالة ماجستير غير منشورة ،مقدمة الى كلية الادارة والاقتصاد، جامعة دهوك ،٢٠٠١,ص٣٢

2- محەمەدی، ئارام ئەحمەد .2020. "دیاردەی کۆچی نایاسایی لە کوردستان ".گۆڤاری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، ژمارە 7، پەڕە 80–75.

3 -...Brainard, Lael, Derek Chollet, and Vinca LaFleur. Op. Cit, p12

4- -عبدالرزاق محمد .2020 .الشباب والدولة :بين البناء والتهميش .بغداد :دار الرشد.

5-عزیز، هاوڕێ .2023 .ڕۆڵی گەنجان لە گەشەپێدانی ئابووری هەرێم .هەولێر :گۆڤاری ڕاهێنان.

6 -UNDP (United Nations Development Programme). 2021. Youth Migration in the Kurdistan Region of Iraq. Baghdad: UNDP Iraq.

توندڕەوی ناکەن، بەڵام کاتێک لە بەشداریکردن دوور دەخرێنەوە و لە دەرفەتەکان بێبەش دەکرێن، خۆیان دەبیننەوە کە پاڵنەریان بۆ کۆچکردن یان ڕادیکاڵبوون وەک وەڵامێک بۆ دوورخستنەوە، نەک هەڵبژاردنێکی ئایدیۆلۆژی.[1] بۆیە نابێت شەپۆلەکانی کۆچی گەنجان لە دوای ساڵی ٢٠١٤ تەنها وەک نیشاندەرێکی ئابووری یان سیاسی سەیر بکرێت، بەڵکو وەک قەیرانێکی وجودی کە کاریگەری لەسەر پێکهاتە دیمۆگرافی و کولتوورییەکان هەبێت، داوای پەسەندکردنی سیاسەتی نیشتمانی هەمەلایەنە بکات کە گەنجان تێکەڵ بە پرۆسەی گەشەپێدان بکات و هەستی ناسنامە و سەربەخۆییان تێدا بچێنێت.[2]

هەر بۆیە کۆچکردن بووەتە دیاردە و باس و خواسێکی بەرچاو لەناو کۆمەڵگای کوردی، بەتایبەتی لەسەرەتای دەستپێکی ساڵی ٢٠١٤ بەهۆی تێکچوونی بارو دۆخی ئێراق و کوردستان، بەهاتنی داعش و درووستبوونی شەڕ و هاتنی قەیران لەسەر قەیران وەك گرانی و بێکاری و راگرتنی دامەزراندن لەتەواوی وەزارەتەکان. کۆچی گەنجان دەستی پێکرد، بەزۆری لەرەگەزی نێر بوون. بەڵام جێگای داخە کە دوای کۆتای هاتنی شەڕی داعش و کەمبوونەوەی گرژی لە ئێراق، بەڵام لەهەرێمی کوردستان بارودۆخەکە هێشتا وەک پێویست نییە. کە لەو ساڵانەی دوایی تاکو ئێستا، هەزاران گەنج کۆچی نایاسایان کردووە بۆ وڵاتە ئەوروپییەکان، دەیان کەس بووەتە قووربانی، بەهۆی کۆچە نایاساییەکان. ئەوانەی لە کوردستان روو لە دەرەوە دەکەن95% زیاتر لەو گەنجانەن کە تەمەنیان لەنێوان 15 بۆ 25 ساڵانە، گەنجان هەمیشە خاوەنی بەهرەی خۆیانن، هەمیشە لە خەیاڵیان داهێنانێکی نوێ لە بیرو هۆشیان بەدی دەکرێ کاتێك هیچ زەمینەسازییەك نابینن بۆ دەرخستنی بەهرەکان و پەرەپێدانی، ئەوا حەز و بەهرەکانی لە ناخیدا دەخنکێن و تووشی گرفتی گەورەی دەروونی دەبن، هەر بۆیە دەبێت زەمینەیەك ساز بکەین بۆ ئەوەی بەهرە و تواناکانیان لە ناخیانەوە بدۆزنەوە و گرنگیيان پێ بدرێ. 3 زاڵبوونی داب و نەریت، گەنج هەمیشە رۆحێکی یاخی هەیە لە کۆت و بەند و ئەقڵییەتە کۆن و دواکەوتووەکان کاتێك نەریت و سیستەمە کۆنە پەسەند کراوەکان و ئاینەکان کۆت و بەندی دەکەن، هەمر دیسان یاخی دەبێت و دەبێتە وزە و تینی بیری نوێ کە زۆرجار کۆتوبەندەکان تێك دەشکێنن هەندێکجاریش دەبێتە قوربانی ئەو کۆتانە، هەر بۆیە دەبێت هەمیشە گوێ لە گەنج بگیرێت و هەستی ئازادی بیر و کەسێتییان پێ بدەین. دۆزینەوەی کار گەنج وەك هەر کەسێکی تر هەمیشە پیوستی بە هەلی کارە تا توانای خۆی بەدەر بخات و دەستکەوتێکی ئابووری دەستکەوێت، تا خۆی بوونی خۆی بسەلمێنێت کە ئەویش بوونی هەیە لە کۆمەڵگا و هیوایەکی هەیە بۆ داهاتوو کەچی کاتێك ئەمر هەلە بۆ نارەخسێت باڵی نائومێدی و بێزاری و شکست نزیك دەبێتەوە لێی شوێنێك نادۆزێتەوە بۆ دروستکردنی بوونیخۆی. 4 بۆیە ناچار بیر لە کۆچکردن دەکاتەوە، هەربۆیە لەرێگەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ گەنجێکی شاری هەولێر سەبارەت بە دیاردەی کۆچ،ئەو پیی وابوو، تورەیی گەنجان شتێک نییە پەیوەندیدار بێت بە ئەدای سیاسییەوە و پەیامی سیاسییان لە پشتەوە بێت، یاخود مەبەستی سەرەکییان ڕوخان و هەڵوەشاندنەوەی حکومەت بێت بەڵکوو زیاتر پەیوەستە بە خوودی کێشە ئەسلیەکە کە هەڵاوسانی گەنجان و بێکارییە. لەبەر ئەوەی هیوای نییە و دەزانێت بەو بڕوانامەیە دەساڵی تریش کاری دەست ناکەوێت.چونکە وەکو دەزانین بێکاری دەرەنجامی زۆری لێدەکەوێتەوە.5

---

1 -Hooker Foundation. 2023. Irregular Migration and Legal Gaps in the Kurdistan Region of Iraq: Field Report. Erbil: Hooker Foundation Press.

2 -IOM (International Organization for Migration). 2023. Displacement Tracking Matrix Report. Geneva: IOM Publications.

3 - (د.) عبدلرزاق محمد موستەفا، بەڕێوەبەری گشتی پەرەپێدانی مرۆیی، وەزارەتی پلاندانان:

gulanmedia.comhttps://www.gulanmedia.com › so › story

4- د.هاوڕێ عەزیز مەنسوربەگ، توێژەر لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەنتەری توێژینەوەی زانستی زانکۆی سەلاحەددین، لەچاوپێکەوتنێکدا (لە ماستەر نامەی رێدار عزدین کانبی) لەبەرواری ، ٢٠٢٢/٩/٢٨.

5- جاوپێکەوتووی ژ٢، ڕەگەزی نێر، تەمەن ٢٥ ساڵ، هەولێر، بەرواری چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٣/٢٢

**2.2. زۆربوونی دیاردەی کۆچکردن لە هەرێمی کوردستان**

هۆکارە سەرەکییەکانی زیادبوونی کۆچکردن لە هەرێمی کوردستانەوە لە دوای ساڵی ٢٠١٤، بریتین لەبێزاری و نائومێدی لای گەنجان،فراوانبوونی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بەبێ ئەوەی هاوسەنگ بن لەگەڵ بازاڕی کار، بەرزی بێکاری گەنجان،گەندەڵی کارگێڕی و دارایی،لاوازی حوکمڕانی و لەدەستدانی متمانە بە دامەزراوەکان،پەراوێزخستنی ناوچەیی لە نێوان ناوەند و پەراوێزدا،توندوتیژی سیاسی و ناسەقامگیری ئەمنی،نەبوونی سیاسەتی نیشتمانی بۆ بەهێزکردنی گەنجان، دابەزینی ئاستی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان،خواستی باشترکردنی بارودۆخی ئابووری و ژیان.بۆیەلە هۆکاری دروستبوونی هەڵاوسانی گەنجان زۆربەی کاتەکان کۆچکردن وەک لێکەوتەیەکی دیاری ئەم هەڵاوسانە دەردەکەوێت لە ناو گەنجاندا بەشێکی زۆری ئەوانەش کە کۆچ دەکەن ئەو دەرچوانەی زانکۆن کە لێرە دەرفەتی کاریان نییە. تەنانەت ئەنجامە جیهانییەکان بە پشتبەستن بە داتا و ڕاپرسییە نێودەوڵەتیەکان دەری دەخەن کە بێکاربوونی گەنجانی دەرچووی خوێندنی باڵا ئارەزووێکی بەرزتر بۆ کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات نیشان دەدات.1 کە ئەمەش بێباکی گەنجان لەبەردەم ژیانی خۆیان بۆ گەیشتن بە خۆشگوزەرانی دەردەخات. هەروەها، ئامارە نا فەرمییەکانی میدیا ناوخۆییەکان مەزەندەی ئەوە دەکەن ٢٧ هەزار کەس کە زۆرینەیان گەنجی تەمەن(١٨-٣٠) ین، لە٢٠٢٠ دا پەڕیونەتەوە بۆ ئەوروپا گەندەڵی، بێکاری گەنجان، نایەکسانی و نا سەقامگیری سیاسی هۆکاری سەرەکی پشت کۆچی گەنجانن لەناوچەکەدا.2 زۆربونی ئەم دیاردەیەش بەهۆی زۆربوونی هەڵاوسانی ڕێژەی گەنجان دەبێت کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆچەند هۆکارێکی تر وەک:

**1- توندوتیژی سیاسی:**

توندوتیژی سیاسی هاوشێوەی چەمکەکانی تر خاوەنی گەلێک پێناسە و لێکدانەوەی جۆراوجۆرە، جۆرو ئاراستەی بەکارهێنانی توندوتیژیەکەش پەیوەستە بە چۆنیەتی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی هەر کۆمەڵگە و دەوڵەتێکەوە، توندوتیژی سیاسی بەکارهێنانی هێز یاخود هەڕەشەی بەکار هێنانی هێزە بە مەستی زیان گەیاندن بە کەسانی تر لە پێناو ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو.3

**٢-فراوانبوونی کەرتی خوێندنی باڵا**

دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا، بریتین لە ڕێکخراوی فرە بەرهەم، کە تەرکیز دەخەنە سەر بەرهەمهێنانی چەند دەرئەنجامێکی جیاوازی وەک فێرکردن و توێژینەوە، بە بەکارهێنانی چەندین ئامرازی زانیاری.4 ڕاپۆرتی ئاژانسی هاوکاری نێودەولەتی ژاپۆن(JICA) لەپاڵ ئەم دوو دەرئەنجامە دەرئەنجامێکی تریشی بۆ زیاد دەکات کە ئەویش بەشداریکردنە لە کۆمەڵگەدا و بەم شێوەیە پێناسەی دەکات کە هەموو خوێندنێکی دوای قۆناغی ئامادەیی و ڕاهێنان و ئەنجامدانی توێژینەوە لە دامەزراوە پەروەردەییەکان و زانکۆیەکان لە لایەن دەوڵەتەوە وەک دامەزراوەی خوێندنی باڵا ڕێگە پێدراودەگرێتەوە،5

---

1- Redlin, Margarete.; Quod vadis? The effect of youth unemployment and demographic pressure on igration in the MENA region. Global Networks (2022), last accessed, 27/1/2025., https://onlinelibrary.wiley.com/doi/full/10.1111/glob.12421

2- Zalme, Ali, Iraq Kurdistan Region must address its youth migration problem, Rudaw, (2021), last accessed 26/1/2025,:

https://www.rudaw.net/english/opinion/03112021-amp.

3- Wilkinson, Paul Terrorism and the liberal state. Red globe press, London, (1977),p30 .

4- , Karwan, Hushyar Sherwani. An Assessment of Performance Management in Six Higher Education Institutions in Erbil–Kurdistan Region. International Journal of Social Sciences & Educational Studies, (2015), p14.

5- 52 JICA, overview of higher education, chapter1, p1, last accessed, 22/2/2025, https://www.jica.go.jp/Resource/jica-ri/IFIC_and_JBICI-Studies/english/publications/reports/study/topical/approaches/pdf/higher_02.pdf.

بەو پێیە، لە سەرانسەری جیهاندا هەر یاسا و ڕێسایەک لە خوێندنی باڵاوە دەردەچێت، بە مەبەستی باشترکردنی بارودۆخی ئابووری و گەشەسەندنی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانە. هەر بۆییە،ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان، لە گەشەی ئابووری و گەشەپێدانی وڵاتاندا. لە هەمان کاتدا، ڕۆڵێکی کاراو کاریگەری هەیە لە ڕەنگدانەوەی پێشخستنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کراوە و شایەستەیی. کۆمەڵگەی مەدەنی مەبەستمان نە دەوڵەتە نە بازاڕ، بەڵکوو کایەیەکە کە مەبەستە گشتی و تایبەتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

٣-زیاد بوونی بێکاری :

پێناسەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ بێکاری کە ئەوانیش لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هێزی کاری عێراق (ILO) وەریان گرتووە، ئەوەیە کە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە تەمەنی کارکردندان(١٥ ساڵ و سەروتر) هیچ کارێکیان نییە و بەدوای کاردا دەگەڕێن. ئەو کەسانەش کە بێ ئومێد بوون لە گەڕان بەدوای کاردا، وەک بێکار هەژمار ناکرێن. 56 لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە بێکاری هەموو ئەو گەنجانەیە کە بەدوای دەرفەتی کاردا دەگەڕێن، لەهەمان کاتدا ئەو گەنجانەش دەگرێتەوە کە کارێک دەکەن بژێوی ژیانیان دابین ناکات و وێرای ئەو کارەی دەیکەن بە دوای کارێکی تری جێگیر یاخود شایەستەتردا دەگەڕێن یاخود ڕوو لە دیاردەی کۆچکردن دەکەن.1

3- قۆناغەکانی بەئاسایشکردنی کۆچی نایاسایی

چەمکی بەئاسایشیکردن لە بابەتە گرنگەکانی قوتابخانەی کۆپێنهاگێنە.لێکدانەوەی ئاسایش وەک کردەیەکی قسەیی (کردەی ئاخاوتن یا گوتار) (speech act) بریتییە لە خاڵە سەرەکییەکانی ئەم قوتابخانەیە .وەیڤێر لەمبارەوە ئاماژە بەوە دەکات، کاتێک وەک کردەیەکی ئاڵۆز لە ئاسایش تێدەگەین کە لە چوارچێوەی گووتارێکی کەلامی یان قسەییدا پێناسە دەکریت. ئاسایش سیاسەت دەخاتە ئەوپەڕی یاسای گەمەوە و بابەتی ئاسایشی وەک جۆرێک لە سیاسەت یان گەورەتر لە سیاسەت پیشاندەدات. کەواتە دەتوانین بەئاسایشیکردنی بابەتەکان بە پرسێکی گرنگتر لە بە سیاسیکردنی بابەتەکان بزانین. هەڵبەت بابەتی ئاسایش بەپێی هەلومەرج یان جۆری ناوچەکان، جیاوازن. بۆ نموونە لەوانەیە بابەتی مافی مرۆڤ لە حکومەتێکدا وەک بابەتێکی ئاسایی سەیر بکریت.و لە حکومەتێکی تردا بە پێچەوانەوە بێت، یان لەسەردەمێکدا وەک بابەتێکی ئاسایشی و سیاسی پێناسە بکرێت و کاتێکی تر بە جۆرێکی تر بێت .کەوابوو دەکرێت بڵێین ئەم قوتابخانەیە پرسەکان دابەشدەکات بۆ سەر بەشی ئاسایی و گشتی کە دەوڵەت هیچ کاریگەرییەکی لەسەریان نییە و نابنە بابەتی سیاسی گشتی.2 قوتابخانەی کۆپێنهاگێن ئەو پرسانە بە ئاسایشی دەزانێت کە وەک هەڕەشە خۆیان نیشانبدەن و لە لایەن ڕای گشتییەوە بەوشێوەیە وەربگیرێن، بەئاسایشیکردنی بابەتەکان زیاتر لە کۆمەڵگەی لیبراڵ دیموکراسییدا مانا پەیدا دەکات چوونکە لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا بۆ ئەوەی بابەتێک بکەیت بە ئاسایشی، پێویستە رای گشتیش بهێنیتە سەر ئەو باوەڕەی کە وەکو پرسێکی ئاسایشی سەیری بکات.

پرۆسەی بەئاسایشکردنی کۆچ لە یەکێتی ئەوروپادا بە سێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیوە:

لقی یەکەم: قۆناغی یەکەم لەگەڵ کۆتایی ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم ئەوروپا دەستی کرد بە یەکەم هەڵمەتی ئاسایشی کۆچبەران، کۆچیان بە گەورەترین هەڕەشەی سەر وڵاتەکانیان هەژمارکرد، هەربۆیە ڕێوشوێنی توندیان گرتەبەر

---

1 - دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان(٢٠١٢)، ل٦، ڕێکەوتی سەردان، ٢٠٢٥/٢/٢٦،

https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/a225.pdf

2 - Ole Waver Securitization and De securitization، in Ronnie Lip Schutz(ed), on Security ،New York, Columbia University Prees,1995, pp.46-86

بۆ کـۆنترۆڵکردنی.1 بەهـۆی زیـادبوونی ژمـارەی کـۆچبەران بـۆ ئەوروپـا، ئەمەش وایکـرد جیهـان و دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن بەجۆرێکی تر لەم بابەتە بڕوانن. کەوای کرد بـابەتی کـۆچ بخـرێتە نـاو خشـتەی کارەکـانی یەکێتی ئەوروپـا وەک بـابەتێکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی بگۆڕدرێت بۆ بابەتێکی سیاسی زۆر هەستیار.[2]

لقی دووەم :بە ئاسایشکردنی کۆچبەران دوای ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلولی٢٠٠١

چەمکی بەئەمنیکردن لە بـابەتە گرنگەکـانی قوتابخـانەی کۆپێنهـاگێنە. شـیکاری ئاسـایش وەک کردەیەکـی قسـەیی (کـردەی ئاخاوتن یا گوتار) (speech act) بریتییە لە خـاڵە سـەرەکییەکانی ئەم قوتابخـانەیە .وەیڤێـر لەمبـارەوە ئامـاژە بەوە دەدات کاتێک وەک کردەیەکی ئاڵۆز لە ئاسایش تێدەگەین کە لە چوارچێوەی کردەیەکی کەلامی یان قسەییدا پێناسە بکرێت ئاسایش سیاسەت دەخاتە ئەوپەڕی یاسای گەمەوە و بابەتی ئەمنی وەک چەشنێک لە سیاسەت یان بانتر لە سیاسـەت پیشـاندەدات. کەوابوو دەتوانین بەئەمنیکردنی بابەتەکان ڕادیکاڵتر لە بە سیاسیکردنی بابەتەکان بزانین.

لقی سێیەم: دوای ڕووداوەکـانی ١١ی ئەیلـولی ٢٠٠١کۆچبەرەکـان بـوونەتە هـێمای هەمـوو مەترسـیەکانی ڕووبەڕووی هەر دەوڵەتێک دەبێتەوە، هەروەها بووە هۆکاری ناسەقامگیری وەک لەناوبردنی ناسنامەی نیشتمانی، هەڕەشە تیرۆرستیەکان، تاوانەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە، هەروەها کۆچبەر بووە ئالنگاریەک هەڕەشەی دروست کرد بۆ سەر ئاسایشی دامەزراوە ئەوروپیەکـان، هەمـوو ئەم مەترسـیانە وای کـرد پرسـی کـۆچبەران بخرێـت سـەرووی خشـتەی کارەکـانی زۆربەی وڵاتە ئەوروپیەکان ئەوانەی هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سیستەمی گشـتی و ئاسایشـی ناوەخۆیـان دەدا، ئەم مەترسـیانە بە ڕوونـی لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە باس لێوەکراوە، حکـومەتی ناچـارکردووە بەدوای چارەسـەردا بگەڕێـت.3 ڕووداوەکـانی ١١ی ئەیلولی٢٠٠١وای کرد کۆچ پەیوەست بکرێت بە نەهێشتنی تیرۆر، زۆربەی وڵاتـان سیاسـەتێکی نوێیـان پەیـڕەو کـرد لە پێنـاو وەستاندنی لێشاوی کۆچبەران لە هەمان کاتدا بەکاری نەهێنن وەک ڕێگایەک بۆ نەهێشتنی تیـرۆر هەر بـۆیە زۆربەی وڵاتە ئەوروپیەکان وەکو هەڕەشەیەک بۆ سەر وڵاتەکەیان دەڕواننە کۆچبەران، ئەو پرۆسەیەی کە لەدوای هێرشەکانی مەدریدی سـاڵی٢٠٠٤ و هێرشـەکانی لەنـدەنی ٢٠٠٥ بەشـێوەیەکی بەرچـاو گەشـەی کـردووە، لەبەر چاویانـدا بـووەتە هەڕەشـەیەکی ڕاستەوخۆبۆسەر خاکی ئەوروپا.4

1.3. کاریگەری دیاردەی کۆچکردن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی لە هەرێمی کوردستان

کۆچکردن بەگشتی واتە گواستنەوە بۆ ژیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بە مەبەستی مانەوە لە شوێنی نوێ بۆ ماوەیەکی زۆر، لێکۆڵینەوەکـان دەربـارەی کـۆچکردن هەروەکـو لێکـۆڵینەوە لە دیـاردە گرنگەکـانی تـری وەک لەدایکبـوون و مـردن بەردەوامن، ئەمەش بەهۆی جوڵەی زۆری تاکەکانەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، و ئامانجی جیاوازی کـۆچکردن پـۆلێن دەکرێت بەکاروباری دەرەوە، بەپێی ڕەوایەتیان، کۆچی یاسایی و نایاسایی لەخۆدەگرێت، هەروەها پاڵنەرە سەرەکییەکان لە

1 - Eleni Damiano, the case of securitized immigration in the EU, Institute of International Relations Division of Euro-Atlantic Studies, EU-NATO Working Group 1st Collective Volume, 2013, p.46.

2- Gemma Pinol-Jiménez, The Migration- Security Nexus in Short: Instruments and Actions in The European Union, Amsterdam Law Forum, University Amsterdam .

3 - Alessandra Buonfino, Securitising migration, Open Democracy, 12 February 2004, link: https://www.opendemocracy.net/en/article_1734jsp/

4 - Natalia Umansky, what is the effect of terrorist attacks on the securitization of migration? Case studies from the UK and Spain, Master's in International Security, Academic year 2015-2016, p.01.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

پشت دیاردەی پەرەسەندنی کـۆچبەری نایاسـاییدان، وەکـو پـاڵنەری ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و دەروونییەکـان، کـۆچکردن بەشێوەیەکی سەرەکی دووجۆرە، ناوەخۆیی و دەرەکی "نێودەوڵەتی". کۆچی ناوەخۆیی.1

2.3.ئاماژەکانی کاریگەری دیاردەی کۆچکردن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی لە هەرێمی کوردستان

کۆچکردن بەگشتی واتە گواستنەوە بۆ ژیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بە مەبەستی مانەوە لە شوێنی نوێ بۆ ماوەیەکی زۆر لێکۆڵینەوە لە کۆچکردن بە بەراورد بە لێکۆڵینەوە لە ڕاستییە گرنگەکانی تری وەک لەدایکبوون و مردن، ئەمەش بەهۆی جوڵەی زۆری تاکەکانەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، و ئامانجی جیاوازی کۆچکردن پـۆلێن دەکرێـت کاروبـاری دەرەوە، بەپێی شەرعیەتیان، کۆچی یاسایی و نایاسایی لەخۆدەگرێت، هەروەها پاڵنەرە سەرەکییەکان لە پشت دیاردەی پەرەسەندنی کۆچبەری نایاساییدان، کە گرنگترینیان ئابوورییە و پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان.

١-نەمانی متمانە بە پڕۆسەی سیاسی و دامەزراوە حکومییەکان

کاتێـک گەنجـان ڕووبەڕووی دۆخـی نـاڕەزایی دەبـنەوە نەمـانی مـتمانە بە دەسـتەڵات و دامەزراوە حکومیەکـان وەک پێشمەرجێکی هەڵاوسان لە نێوياندا سەرهەڵدەدات. ئەویش لە ڕێی پاشەکشەی گەنجان لە پڕۆسەکانی بەژداری سیاسـیدا، بەتایبەتی لە هەڵبژاردنەکاندا. لە کوردستان ئەو لاوازبوونی متمانەیە بە پڕۆسەی سیاسی بوەتە هۆی دابەزینێکی بەرچاو لە بەشداری خەڵک لە دەنگدان2.

بە هەمانشێوە،زۆرینەی ئەو گەنجانەی چـاوپێکەوتنمان لەگەڵ کـردوون نە مـتمانە نە هیوایەکیـان بە پرۆسـەی سیاسـی لە هەرێمی کوردستان نەماوە. بەجۆرێک، ناسنامەیەکی نوێ لە ناو زۆرێک لە گەنجانی کورددا سەرەیهەڵداوە کە چینی سیاسـی وەک(ئەوی دی)تەماشادەکات. زیادبوونی ئەو گەنجانەی کە خۆیان لەدەرەوەی دامەزراوە سیاسییەکان دەزانن بەشێوەیەک کە هەستدەکەن نوێنەرایەتییان لە سیاسەتی ناوخۆییدا نییە. ئەم هەستەش دژی دەستەڵاتە دەکرێت بگۆڕدریت بـۆ جـۆرە جیاوازەکانی بەرهەڵستی و هەڵوەشانەوە لەگەڵ پڕۆسەی سیاسیدا3.

٢-زۆربوونی دیاردەی تاوان و سەرپێچییەکان

ئەمەش لە ڕێگەی توێژینەوە زانستیەکان سەڵماوە، کاتێک گەنجان کاتی زیادەیان هەیە، دەرفەت بۆ تاوان دروست دەبێت. بۆ نمونە لە کوردستان بە هۆی بێکاری و کاتی بەتاڵی زۆرەوە، هەندێ لە گەنجان دەرفەتیـان دەبێـت پەنـا بـۆ بەکارهێنـانی ماددەی هۆشبەر ببەن، گێچەڵی سێکسی و هەراسـانکردن و جنێـو و تەشـهیرکردن لە سۆشـیال میـدیا بەکـار بێـنن4. ئێسـتا دیاردەی مادە هۆشبەرەکان لە کوردسـتان خەریـکە هێڵـی سـوور تێـدەپەڕێنێت و لە هەر نـاوچە و شـارێکی کوردسـتاندا، چەندین کەسی ئاڵوودە بە مادە هۆشبەرەکان هەن، ئەمەش سەرەنجام گاریگەریی خراپ لەسەر کۆمەڵگە و خێزان دروست دەکات5.

---

1 -- Palani, Kamaran.Youthful anger and the crisis of legitimacy in Iraqi Kurdistan.Al Sharq Strattegic research, Istanbul, (2021). P5.

2 - Jiyad, Sajad, Müjge KüçükkeleŞ, and Tobias Schillings Economic drivers of youth political discontent in Iraq. Op. cit, p47

3 - Palani, Kamaran.Youthful anger and the crisis of legitimacy in Iraqi Kurdistan.Al Sharq Strattegic research, Istanbul, (2021). p4.

4 -کارزان شێخ محسین ، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەنتەری توێژینەوەی زانکۆی سەلاحەددین، لە چاوپێکەوتنێکدا لە بەرواری ٢٠٢٢/٩/٢٧.

5 - شۆخان عەبدوڵڵا سەمین، مادە هۆشبەرەکان،

یەکێـک لە گرفتەکـان ئەوەیە کە لەکـاتی بەکارهێنـانی ئەو مـادانەدا، مـرۆڤ لە دۆخـی ئاسـایی خـۆی دەردەچێـت و وەک بـوونەوەرێکی ترسـناک و دڕەنـدەی لێـدێت و دەبێـتە کەسـێکی شـڵەژاو و ڕەفتـار و هەڵسـوکەوتی نائاسـایی دەبێـت و هەندێکجار دەیگەیەنێتە ئەوەی ببێتە کەسێکی بکوژ یـان خۆکـوژ .لە هەرێمـی کوردستانیشـدا سـەرباری تونـد وتـۆڵکردنی لایەنی ئەمنی و یاسایی لەم رووەوە، بەڵام لەم 10 ساڵەی رابردوودا بەهۆی قەیرانی دارایی و کەمیی کار و دانەمەزرانـدن و زیـادبوونی رێـژەی گەنجـانی بێکـارەوە، ئاسـت و رێـژەی بازرگـانی و بەکارهێنـانی مـادە هۆشـبەرەکان تـا رادەیەک بەرەو هەڵکشان چووە و بەردەوامیش سـەرباری رێوشـوێنە ئەمنـی و یاسـاییەکان هێشـتا روو لە هەڵکشـانە، ئیبراهـیم ڕەمەزان سەرۆکی ڕێکخراوی بەرەنگاربووونەوەی مادە هۆشبەرەکان ئاشکرای دەکـات لە بەدواداچونەکانیانـدا بۆیـان دەرکەوتـووە، تادێت ژمارەی بەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان ڕوولە زیادبوون دەکات. 1

٣-مەترسیەکانی (ناسنامە) و گۆرینی دیمۆگرافیا

مەترسی گۆرینی دیمۆگرافیا و ترسی ناسنامە یەکێکە لە ئاماژەکانی تری گەریگەری دیاردەی کۆچ. بەتایبەت کۆچی نـاوەخۆ، جونکە کۆجی ناوەخۆ دەبیتە هۆی کێشەی ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی، نمونە، بەشیکی زۆر لەو کۆچبەرانەی دێن، بەتایبەتی کۆچی ناوەخۆ، یاخود لەو دەوڵەتانەی هەرێمی وەکو سوریا، ڕق و قینێکی مێژوویان بەرامبەر کورد هەیە، بۆیە ئەوانە نەک هەر ئاوێتەی کۆمەڵگەی کوردی نابن، بگرە هەوڵدەدەن کەلتوورو زمانی خۆشیان بەسەر کورد بسەپینن، ئەمە کاریگەریەکی خراپی لەسەر هەردوولا لێدەکەویتەوە جونکە دەبیتە هۆی ململانێی نیوان عادات و تقالیدو ڕۆشنبیری ئەوانەی دێن لەگەڵ ئەوانەی لێرە دەژین2. زۆر جار بە هۆی نەبوونی خزمەتگوزاری و ناسەقامگیری لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق خەڵکێکی زۆر لەو پارێزگایانەوە بەتایبەتی «کریستیان و سائیبەی مەنـدائی و عەرەبـی شـیعە و سـونە» دێـن لە کوردسـتان نیشـتەجێ دەبـن و لە کوردسـتان یەکەی نیشـتەجێبوون دەکـڕن، ئەمەش ئامـاژەیەکی دیـکەیە لە کاریگەریەکـانی دیـاردەی کۆچکردن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی لە هەرێمی کوردستان چونکە بەهۆی کـۆچی پـێچەوانە زۆر جـار مەترسـی دروسـت دەبێت بەهۆی هاتنی خەڵکانی تـرو نیشـتەجێبوونیان،کڕینی موڵـک وخـانووبەرە لەهەرێمـی کوردسـتان، کەدەبێـتە هـۆی بڵاوبوونەوەی کلتورو ئاین وزمان وناسنامەی جۆروجۆر،کە ڕەنـگە لە داهـاتوودا ببیتەهـۆی زاڵبـوونی زمـانی بیـانی بەسـەر زمانی دایک و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی، ئەمانەش مەترسی گـۆڕینی دیمۆگرافیـای لێـدەکەوێتەوە 3. لەم بـارەیەوە لەمیانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ یەکێک لەشارەزایانی بواری کۆچ وکۆچبەری،کە ئامـاژەی بە کـۆچی عەرەب بـۆ کوردسـتان کردوو گووتی: هاتنی ژمارەیەکی زۆری عەرەب بۆهەرێمی کوردستان لەداهـاتوودا مەترسـیدارە، چـونکە زۆرتـرین ژمـارەی دانیشتوان لەنەتەوەی عەرەب کاریگەری نەرێنی هەیە بۆ سەرئاسایشـی کوردسـتان، چـونکە ئەوان ئەو کـۆچبەرانەن کە لە گەڵ سیستمی نوێی عێراقدا ناگونجێن و پەیوەندی دەرەکی و هەرێمی و نێودەوڵەتییان هەیە.4

---

https://knwe.org › KU › ArticleDetails

1 - مافناس- هانا عومەر ئیبراهیم ، مادە هۆشبەرەکان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە،

https://knwe.org › KU › ArticleDetails

2 - د. کامەران مەنتک، نووسەر و ئەکادیمی سیاسی، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین بەرواری چاوپێکەوتن٢٠٢٥/٥/١٥

3 - نەجمەدین محەمەد قەراجی، بەرپرسیارو خزمەت کردن و پاراستنی ئاسایش نەتەوەیی، ٠ Facebook چاوی کورد.

4 -ئارام ناسیح، شارەزا لەبواری کۆچی دەرەوە وکۆچی ناوەخۆ،ماستەر لە کۆمەڵناسی،بەرواری چاوپێکەوتن٢٠٢٥/٥/٢٢

**4- دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

**1.4.دەرئەنجام**

**ئەنجامەکانی توێژینەوەی ئێمە نیشان دەدەن کە کۆچی گەنجان لە هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتانی دەرەوە بەتایبەتی بۆ ئەوروپا دەربڕاوی گەورەیە لە هەردوو هۆکارە تایبەتمەندەکانی ناوچە (هۆکارە تاوتوێکراوەکان) و هۆکارە درێژخایەنەکان (پەیوەندیدار بە وڵاتی مەبەستدار). لە ڕووی چوارچێوەیەکی زانستی و ئاکادیمییەوە، دەتوانرێ ئەنجامەکان بەش بەش بکرێن بە شێوەی خوارەوە:**

**یەکەم: فاکتەرەکانی ناوخۆیی – هۆکارە پاڵنەرەکان (Push Factors)**

**١-بێکاری و نایەکسانی لە دەرفەتەکانی کار: زۆربەی گەنجانی دەرچووی زانکۆ، هیچ دەرفەتی کار و گەشەپێدانی پیشەییان نییە، کە ئەمە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆیی بەرز دەکاتەوە ئەرک و بەرژەوەندی کۆچکردن.**

**٢-توندوتیژی سیاسی و نەسەقامگیری سیستەمی حکومەتداری: جەنگە ناخۆشەکان، حزبیایەتی، و کوشتنە ناچالاکیەکانی چالاکانی مەدەنی و ڕاپەرینی گەنجان، بەهۆی توندوتیژی سیاسی، گەنجان بەسەر ئومێدی دەکات.**

**٣-نارەزایەتی لە بارودۆخی ئابووری و سەربەخۆیی تاکەکەسی: بەرزبوونی نرخ وەرز، پاراستن نەبوونی یاسایی، گەورەبوونی گەندەڵی، و خەباتی نەتەوەیی لاواز، هەموویان هۆکارە تایبەتییەکانن بۆ تووشبوونی گەنج بە ئەزمونی هەڵاوسان.**

**٤-زۆربوونی ڕێژەی دەریژکردنی خوێندنی باڵا بێ گەرانتی کار: زیادبوونی زانکۆ و قوتابخانەی تایبەتی و نەبوونی بەرهەمەندبوون لە ئەنجامەکانیان، هۆکاری تر بۆ تاوانی کۆچی گەنجانە.**

**٥-پەیوەندیدانی تایبەتی بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: بوونی ئەندامێک یان هاوڕێیەک لە دەرەوە هەوڵی کۆچ بەرز دەکاتەوە ، بەهۆی ئاسانبوونی زانیاری و پارەدان بۆ ڕێوڕەسمەکان.**

**دووەم: فاکتەرەکانی دەرەوە – هۆکارە ڕاکێشانەکان (Pull Factors)**

**١-داهاتی باڵا و بازاڕی کاری سامانراو: گەنجان لە هەندەران ئازادین بۆ داواکردنی کار، کە بەهۆی گەرمی بازاڕی کاریەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونی ئاستی ژیان.**

**٢-سیستەمێکی ڕێکخراوی حکومەتداری و چاکسازی: ئەو وڵاتانەی گەنجان بەرەو دەچن سیستەمێکی یاسایی هەیە، هەروەها ئازادییە تایبەتییەکان پارێزراون.**

**٣-خزمەتگوزارییە گشتییەکان (تەندروستی، فێرکاری، پاراستن): بەهۆی بوونی سەرچاوە و ئاسانکاری، گەنجان بە ئیشکراوی دەبینن کە ژیانێکی بەهێزتر و خێراتر دەدات.**

**سێیەم: ئەنجامە ڕاستەوخۆییەکان لەسەر کۆمەڵگە و ناسنامە**

**١-پاشکەوتی داهاتی خێزانەکان: پارە ناردن لە لایەن کۆچبەرانەوە بۆ خێزان، ئەنجامێکی ئابوورییە باشی هەیە.**

**٢-گواستنەوەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی: گەنجان لە دەرەوە دەتوانن زمانە نوێکان فێربن و کولتوورە نوێکان تێبگێن، بەڵام ئەمە دەبێتە هۆی تێکچوونی ڕەهەندە فەرهەنگییەکان.**

**٣-دروستبوونی ناهاوسەنگی دیمۆگرافی: گەنجانی کۆچکردوو، بە تایبەتی نێرەکان، هەڵەیەکی دیمۆگرافی بەجێ دەهێڵن کە کاریگەری لە تەمەن، ڕەگەز، و ناسنامەی نەتەوەیی دەکات.**

**چوارەم: پێشبینییەکانی داهاتوو**

**١-ئەگەر ئەم بەرزبوونەی ڕێژەی کۆچکردن بەهۆی بێکاری، گەندەڵی، و توندوتیژی سیاسی بەردەوام بێت، دەکرێت لە کاتێکی نزیکدا هەرێمی کوردستان بەم زوانە بەرەو تێکچوونی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بڕوات.**

٢-بە شێوەیەکی تر، ئەگەر حکومەت داواکاریی ڕاستەقینەی گەنجان لە بوارەکانی کار، فێرکاری، پاراستن و بەژداری لە پەروژە نەتەوەییەکان جێبەجی نەکات ، ئەوا لەداهاتوو دا مەترسی لەناوچونی توانای گەنجان زیاتردەبێت.
فاکتەرە ناوخۆییەکان (پاڵنەرەکان): بێکاری، توندوتیژی سیاسی، گەندەڵی، نەسەقامگیری حکومەت، نەبوونی دەرفەت.
فاکتەرە دەرەوەییەکان (سەرنجراکێش): بەرزبوونی داهات، بازاڕی کار، سیستەمێکی ڕێکخراو، ئازادی، ڕێگای پەرەپێدان.
لەکۆتاییدا، ئەنجامەکان دەردەخەن کە کۆچی گەنجان کەمتر بەهۆی گرینگەکانی خوێندنەوەو زانکۆیە بەڵکو زیاتر بەهۆی ڕەوشی سیستەمەکی ئابووری و سیاسی نایاسا دەبێ، و زۆرتر بەهۆی نایەکسانی ژیان و بەهۆی بێ هیوایان لە پاراستنی شرافایەتی مرۆییە.

**2.4.ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە.**
لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، کۆمەڵێک پێشنیار خرایەڕوو بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی کۆچی گەنجان لە هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی دەستێوەردانی یەکگرتوو لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارە حکومی و کۆمەڵایەتییەکانەوە.

یەکەم: پێویستییەکی بەپەلە هەیە بۆ بەرزکردنەوەی دەرفەتی کارکردن بۆ گەنجان. ئەمەش پێویستی بەوەیە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پلاندانان هاوکاری کەرتی تایبەت بکەن بۆ کاراکردنی پرۆژەکانی کارگێڕی و دابینکردنی هاندانەکانی باج و کارکردن بۆ ئەو کۆمپانیایانە کە گەنجانی ناوخۆ دادەمەزرێنن. چالاککردنی بەرنامەکانی ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیکی و بەستنەوەیان بە بازاڕی کارە ڕاستەقینەکانەوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی بێکاری و باشترکردنی داهات، بەمەش هاندانەکان بۆ کۆچی ئابووری کەم دەبێتەوە.

دووەم: پێویستە چاکسازی لە سیستەمی خوێندنی باڵادا بکرێت، لەڕێگەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییەوە، لەڕێگەی هاوتەریبکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕی کار، ئاراستەکردنی خوێندکاران بەرەو پسپۆڕیی خواستێکی زۆر، هەروەها سنووردارکردنی فراوانکردنی بێ پلانی کۆلێژە تیۆریەکان. هەروەها زۆر گرنگە ڕاهێنانی پراکتیکی بخرێتە ناو مەنهەجەکانەوە بۆ ئەوەی دەرچووان ئەزموون بەدەستبهێنن کە ڕاستەوخۆ شایستەی بازاڕی کاریان بکات.
سێیەم: کاریگەری فاکتەرە سیاسییەکان لەسەر هەستی دوورخستنەوە و بێهیوایی لای گەنجان ناتوانرێت چاوپۆشی لێ بکرێت. بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و لایەنە سیاسییەکان کاربکەن بۆ ئەوەی گەنجان لە بازنەی بڕیاردا بەشداربن لەڕێگەی پێکهێنانی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری گەنجان و دابینکردنی پلاتفۆرمی گفتوگۆی کاریگەر. هەروەها پێویستە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پەرەپێدانی شەفافیەت بۆ گەڕاندنەوەی متمانە بە دامەزراوەکان.
چوارەم: چارەسەرکردنی قەیرانی شوناس و سەربەخۆیی پێویستی بە دەستێوەردانی کولتووری و پەروەردەیی هەیە. پێویستە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی ڕۆشنبیری بە هاوکاری دامەزراوە پەروەردەییەکان هەڵمەتی هۆشیاری بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و سەربەخۆیی و چالاککردنی ڕۆڵی میدیای ڕۆشنبیری و ڕێکخستنی بەرنامە بۆ تێکەڵکردنی ئەو گەنجانەی لە ئاوارەیی دەگەڕێنەوە و بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگادا ڕێکبخەن.
پێنجەم: ڕێگاکانی کۆچبەری یاسایی دەبێت ڕێکبخرێن بە چالاککردنی ڕۆڵی وەزارەتی کۆچ و ئاوارە و وەزارەتی دەرەوە بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنی دوولایەنە لەگەڵ وڵاتانی وەرگر کە مافی کۆچبەرانی گەنج زامن دەکات. هەروەها پێویستە ناوەندەکانی ڕاوێژکاری یاسایی بێبەرامبەر دابمەزرێن بۆ پێدانی زانیاری لەسەر دەرفەتەکانی کۆچی سەلامەت، لە هەمان کاتدا دەبێت لێپرسینەوە لەگەڵ دەزگا ساختەکان کە پێداویستی گەنجان دەقۆزنەوە و پاڵیان پێدەنێن بەرەو کۆچی نایاسایی.

لە کۆتاییدا ناتوانرێت گرنگی پاڵپشتیکردنی ناوچە گوندنشینەکان و پەراوێزخراوەکان لە کەمکردنەوەی ئاوارەبوون و کۆچکردندا چاوپۆشی لێبکرێت. پێویستە وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی کشتوکاڵ و ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەی

گەشەپێدان لەو بوارانەدا جێبەجێ بکەن، لەوانەش پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و هەلی کار لە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ سەقامگیرکردنی دانیشتووان و بەدیلێکی پراکتیکی بۆ کۆچکردن دابین دەکات.

3.4.پێشنیارکانی توێژینەوەکە.

لەسەر بنەمای ئەو پێشنیارانەی سەرەوە دەتوانرێت لە ژێر سەردێڕی زانستیدا بۆ توێژینەوەی ئەکادیمی کورت بکرێتەوە کە دەتوانرێت وەک پێشنیار بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو یان توێژینەوەی مەیدانی بەکاربهێنرێت، بەم شێوەیە:

شیکردنەوەی پاڵنەرەکانی کۆچی نارێک لە نێوان گەنجان.
کاریگەری نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەسەر بڕیاری کۆچکردن.
تێکچونی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی لەئەنجامی کۆچی گەنجان.

## لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردیەکان

-کتێب:

١- قانیع، مەریوان وریا .ناسیۆنالیزم و سەفەر :کورد لە دیاسپۆڕا .سلێمانی :چاپخانەی ڕەنج، .2005

-نامەی ماستەر:

١-کانبي، رێدار عزدین" .هۆکار و لێکەوتەکانی کۆچی گەنجان بۆ هەندەران ".رسالة ماجستیر، زانکۆی سەلاحەدین، بەشی کۆمەڵناسی، .2023

-گۆڤار:

١-محەمەدی، ئارام ئەحمەد .2020. "دیاردەی کۆچی نایاسایی لە کوردستان ".گۆڤاری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، ژمارە 7.

٢- حەسەن، شەهید عومەر .2022. "ئاستی گۆڕانکاری دیمۆگرافی لە هەرێمی کوردستان ".گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە .18

سایتی ئەلیکترۆنی:

٥- ئیبراهیم، سمیان، وموعتەسەم نەجم" .پۆپۆلیزمی کوردی ڕەنگ و ڕەنگدانەوە ".سپی میدیا .تم الوصول إليه في 4 يونيو .2025. https://speemedia.com/drejaWtar.aspx?NusarID=627&Jmare=10354

٦- دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان" .ڕاپۆرتی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان .2012 ".تم الوصول إليه في 26فبراير .2025. https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/a225.pdf

سەرچاوە عەرەبییەکان:

١- الماضي، أحمد عبد الله .الهجرة الدولية :دراسة في إطار القانون الدولي العام .القاهرة :دار النشر، 2005.

٢- شعبان، حمدي .الهجرة غير المشروعة :الضرورة والحاجة .القاهرة :مركز العالم الأمني، أكاديمية الشرطة، 2003.

٣- بن عنتر، عبد النور .البعد المتوسطي للأمن الجزائري :أوروبا وحلف الأطلسي .الجزائر :المكتبة العصرية، 2005.

٤-- وزارة الهجرة والمهجرين .2023. تقرير سنوي عن أوضاع اللاجئين والمهاجرين في إقليم كوردستان .أربيل :وزارة الهجرة.

-نامەی ماستەر

١- حكيم، قيش" .الاتجاهات نحو الهجرة غير الشرعية وعلاقتها بالتوافق النفسي الاجتماعي لدى الشباب ".رسالة دكتوراه، جامعة الجزائر، 2010.

توێژینەوەکان

١-محمد نور، عثمان الحسن، وياسر عوض الكريم المبارك" .الهجرة غير الشرعية وأثرها على الأمن القومي ".مجلة جامعة تكريت للحقوق، العدد 8، 2015، ص 81.

٢- بن عربية، رياض" .أمننة الهجرة في العلاقات الأورومغاربية وأبعادها المختلفة ".مجلة الدراسات القانونية، جامعة المدية، الجزائر، المجلد 2، العدد 2، 2016، ص 169.

٣- الفقية، نعيمة" .انعكاسات ظاهرة الهجرة الخارجية على بنية الأسرة ووظائف أفرادها في المجتمع النفزاوي ".مجلة الجيل للعلوم الإنسانية والاجتماعية، العدد 33، تونس، 2017، ص 131.

٤-- دراسة المكتب المركزي للاحصاء ، وزارة الشؤون الاجتماعية والعمل السورية ،عن اثار الهجرة الخارجية على الاسرة التي هاجر احد افرادها في الجمهورية العربية السورية،١٩٩٦م.

-چاوپێکەوتن:

١- عەزیز، هاوڕێ. چاوپێکەوتن لەگەڵ توێژەر، 27 .سبتمبر 2022.

٢- محسين، کارزان شێخ، چاوپێکەوتن لەگەڵ توێژەر، 27 .سبتمبر 2022.

سەرچاوەی ئینگلیزی

1-Azeng, Therese F., and Thierry U. Yugo. Youth Unemployment and Political Instability in Selected Developing Countries. Tunis: African Development Bank, 2013.

2- Brainard, Lael, Derek Chollet, and Vinca LaFleur. The Other War: Global Poverty and the Millennium Challenge Corporation. Washington, DC: Brookings Institution Press, 2007.

3- Wilkinson, Paul. Terrorism and the Liberal State. London: Red Globe Press, 1977.

4- Sherwani, Karwan Hushyar. "An Assessment of Performance Management in Six Higher Education Institutions in Erbil–Kurdistan Region." International Journal of Social Sciences & Educational Studies 2, no. 1 (2015): 14.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

**5- Damiano, Eleni. "The Case of Securitized Immigration in the EU." Institute of International Relations Division of Euro-Atlantic Studies, EU-NATO Working Group 1st Collective Volume, 2013, p. 46.**

**6- Umansky, Natalia. "What is the Effect of Terrorist Attacks on the Securitization of Migration? Case Studies from the UK and Spain." Master's thesis, University of London, 2016.**

**7- Jiyad, Sajad, Müjge Küçükkeleş, and Tobias Schillings. "Economic Drivers of Youth Political Discontent in Iraq." Arab Reform Initiative, 2023.**

**8- Fazil, Shwan. "Understanding the Roots of the Younger Generations' Despair in the Kurdistan Region of Iraq." Arab Reform Initiative, 2023.**

**9- Zalme, Ali. "Iraq Kurdistan Region Must Address Its Youth Migration Problem." Rudaw, November 3, 2021. تم الوصول إليه في 26 يناير 2025. https://www.rudaw.net/english/opinion/03112021-amp.**

**10- Redlin, Margarete. "Quo Vadis? The Effect of Youth Unemployment and Demographic Pressure on Migration in the MENA Region." Global Networks 22, no. 1 (2022). تم الوصول إليه في 27 يناير 2025. https://onlinelibrary.wiley.com/doi/full/10.1111/glob.12421.**

**11- Japan International Cooperation Agency (JICA). "Overview of Higher Education." Chapter 1, p. 1. تم الوصول إليه في 22 فبراير 2025. https://www.jica.go.jp/Resource/jica-ri/IFIC_and_JBICI-Studies/english/publications/reports/study/topical/approaches/pdf/higher_02.pdf.**

**12- Bunyon, Alessandra. "Securitising Migration." Open Democracy, February 12, 2004. https://bit.ly.**

**13-Jiyad, Sajad, Müjge Küçükkeleş, and Tobias Schillings Economic drivers of youth political discontent in Iraq. Op. cit, p47**
**1 4- Palani, Kamaran.Youthful anger and the crisis of legitimacy in Iraqi Kurdistan.Al Sharq Strattegic research, Istanbul, (2021). p4.**
**15- Karwan, Hushyar Sherwani. An Assessment of Performance Management in Six Higher Education Institutions in Erbil–Kurdistan Region. International Journal of Social Sciences & Educational Studies, (2015), p14.**
**16-52 JICA, overview of higher education, chapter1, p1, last accessed, 22/2/2025, https://www.jica.go.jp/Resource/jica-ri/IFIC_and_JBICI-Studies/english/publications/reports/study/topical/approaches/pdf/higher_02.pdf.**
**17- IOM (International Organization for Migration). (2023). Displacement Tracking Matrix Report. Geneva: IOM Publications, p. 6.**

**18- Hooker Foundation. (2023). Irregular Migration and Legal Gaps in the Kurdistan Region of Iraq: Field Report. Erbil: Hooker Foundation Press, pp. 12, 18.**
**19--UNDP (United Nations Development Programme). 2021. Youth Migration in the Kurdistan Region of Iraq. Baghdad: UNDP Iraq.**

# ظاهرة (الهجرة) والتغيير الديموغرافي وتهديداتها للهوية في إقليم كردستان بعد سنة٢٠١٤
## - دراسة تحليلية-


| |
|---|
| لاجان محمد همزه |
| قسم السياسة العامة والعلوم السياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين- اربيل، اقليم كردستان-العراق |
| البريد الالكتروني: Lajan.hamza1@gmail.com |
| اسم الباحثين الآخرين:كامران أحمد أمين |
| القسم،الكلية،الجامعة، المدينة، الدولة: قسم السياسة العامة والعلوم السياسية، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين- اربيل، اقليم كردستان-العراق |
| البريد الالكتروني: Kamaran.amin1@su.edu.krd |



### الملخص

يشهد إقليم كردستان فترة صعبة من عدم الاستقرار الاجتماعي والاقتصادي والسياسي منذ العقد الماضي. ونتيجةً لذلك، أصبحت الهجرة، وخاصةً هجرة الشباب، ظاهرةً بارزةً وهامةً. يشعر غالبية الشباب في إقليم كردستان بالتشاؤم حيال الوضع الراهن، مما يدفع الكثيرين إلى الشعور بفقدان الأمل في مستقبلهم. لهجرة الشباب مجموعةٌ من العواقب الاجتماعية والاقتصادية والسياسية الإيجابية والسلبية على الأفراد أنفسهم وأسرهم ومجتمع إقليم كردستان .تهدف هذه الدراسة إلى استكشاف التحديات التي أثّرت على الأمن الاجتماعي في إقليم كردستا قييم أثرها على التغيرات الديموغرافية، بما في ذلك الهجرة.


الكلمات المفتاحية: الهجرة، التركيبة السكانية (الديموغرافيا)، التهديدات، الهوية، إقليم كردستان

# The Phenomenon of Migration and Demographic Change: Its Threats to Identity in the Kurdistan Region After the year 2014
## Analytical study


| |
|---|
| Lajan Mohamed Hamza |
| Department of Public Policy and Political Science, College of Political Science, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region-Iraq |
| Email: Lajan.hamza1@gmail.com |
| Prof. Dr. Kamaran Ahmad Amin |
| Department of Public Policy and Political Science, College of Political Science, University of Salahaddin- Erbil, Kurdistan Region-Iraq |
| Email: Kamaran.amin1@su.edu.krd |



## ABSTRACT

**The Kurdistan Region has been undergoing a prolonged period of social, conomic, and political instability over the past decade. Consequently, migration, particularly among youth, has emerged as a prominent and significant phenomenon. A large proportion of the youth in the Kurdistan Region exhibit pessimism regarding the current situation,**

**leading many to experience a sense of hopelessness about their future. The migration of youth carries a variety of social, economic, and political consequences, both positive and negative, for the individuals involved, their families, and the broader society of the Kurdistan Region.The aim of this study is to examine the challenges that have affected social security in the Kurdistan Region and to assess their impact on demographic changes, including migration.**

**Keywords: Migration, Demography,Dangers, Identity, Kurdistan Region**